هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەدین -هەولێر
کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی مێژوو

خوێندنەوەیەکی مێژووی گوندی دارە خورما

ئەم لێکۆلینەوەیە

پێشکەشی بەشی مێژوو کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کراوە،وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە مێژوو

ئامادەکردنی
خەولە فاروق نامیق

بەسەرپەرشتی
د.تریفە ئەحمەد عوسمان

2022ـ زایینی　　2722 ـ کوردی　　1443 ـ کۆچی

پیشکەشەبە :

1 بەوکەسانەی کە گەیاندینیان بەم ئاستە (دایك وباوکم)ی خۆشەویستمان.

2 بە هەمووئەو مامۆستایانەی کە لە ئەلف و بێ وە فیریان کردین تا ئیستا.

3 بە هەموو هاورێ دڵسوزەکانمان

4 سەرجەم قوتابیانی بەشی مێژوو

5 بە مامۆستای سەرپەرشتیارم مامۆستای بەڕێز ﴿ د.تریفە ﴾

توێژەر

سوپاس و پێزانین

1- سوپاسی خوای گەورە دەکەین کە یارمەتی داین بۆتەواوکردنی ئەم توێزینەوەیە.

2- سوپاسی خوم ئاراستەی (د.تریفە) دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم تویزینەوەی گرتە ئەستوو خۆیی ،بە ڕەخناکانی ئێمەی فێرکرد بەسەر نجەکانی لێکۆلینەوە کەی دەوڵمەندتر کرد.

3- زۆرسوپاسی هاورێی بەرێزم (م.مزەفەر احمد رسول) مامۆستا لەبەشی جوکرافیا دەکەم کەزۆر یارمەتی دام لەتەواو کردنی ئەم توێژینەوەیە

توێژەر

ناوەڕۆك توێژینەوە

بابەت	لاپەرە
قورئانی پیرۆز	أ
پێشکەش	ب

سوپاس و پێزانین	ت
ناوەڕۆك	پ
دەروازە	1
پێشەكی	2
تەوەرەی یەكەم : ناساندنی گوندی دارە خورما	4
باسی یەكەم / شوینی جوگرافی دارە خورما:	4
باسی دووەم/ شوێنی دیمۆگرافی دارەخورما	5
باسی سێیەم/ ناوی دارە خورما و رەهەندە مێژوویەكەی :	6
تەوەرەی دووەم:لایەنی سروشتی گوندی دارە خورما	7
باسی یەكەم: بەرزی و نزمی (تۆبۆگرافیا)	7
باسی دووەم_ ئاووهەوا:	7
باسی سییەم/ خاك	9
باسی چوارەم- داهاتی ئاو :	10
تەوەرەی سییەم : بنەما مرۆییەكانی گوندی دارە خورما :	11
باسی یەكەم-لایەنی ئابووری	11
1-بەرووبومی كشتوكاڵ	11
2- پیشەسازی	12
باسی دووەم- لایەتی كۆمەڵایەتی و شارستانی.	13
باسی سێیەم- لایەنی سیاسی .	14
دەرئەنجامەكان	18
لیستی سەرچاوەكان	19
پاشكۆ	23

دەروازە

بابەتی پەرەپێدانی لادێ یەکێکە لەبابەتە گرینگ و دیارەکانی سەردەم بابەتێکی هاوچەرخ و سەردەمیانەیە لەم چەند ساڵەی دوایی دا زیاتر گرینگی پێدراوە و لێکۆلینەوەی زۆری لەبارەیەوە بە ئەنجام گەیەندراوە دروستە بگوترێ شارستان و سەنتەرەکانی شارستانی سەرچاوەی هاتوویان بریتی یە لە لادێ کەبەمەلبەندی یەکەمینی ژیان دادەندرێت.شوێنی جوگرافی دارە خورما لێکۆلینەوە لە ڕهەندی جوگرافی هەر ناوچەیەك گرنگی خۆی هەیە چونکە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی تایبەتمەندیە سەرەتاکانی ناوچەی لێکۆلینەوە .

لەم ڕووەوە هەولدەدەین لە لایەنی ڕهەندی جوگرافی دارە **خورما** بکۆلینەوە بەم شێوەیە:لەبەر ئەوەی دارە خورما سەر بە ناحیەی دیبەگەیە وە دیبەکە وەك ناحیە سەر بە قەزای مەخموورە بۆیە سەرەتا باس لە قەزای مەخموور دەکەین .

مەخمور لە ڕێکەوتی (15 / 3 / 1927) بوو بە یەکێك لە قەزا گرنگەکانی پارێزگای هەولێر .لە ڕووی شوێنی فەلەکییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (26 – 35) (14 – 36) ی باکور . وەهەروەها هەردوو هێلی درێژی (17 – 43) (54 – 43)[1]

ناوی دارە خورما و رەهەندە مێژوویەکەی دارە خورما یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی دیبەگە و قەزای مەخموور کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ (300) ساڵ پێش ئیستا کە لەلایەن چوار بنەماڵەی سەرەکی ئەم گوندە دامەزراوە کە هەریەکەیان (بنەماڵەی گارووت) بنەماڵەی (دەرمان) بنەماڵەی (داود) و بنەماڵەی (شێروانی) کە گەورەی بنەماڵەکە ناوی (کاکە تایەر) بووە.[2]

---

[1] تەنکة عوسمان سعيد،دور العوامل الجغرافية فی توزيع جغرافية السكان فی قضاْء مخمور 2013،ص19)

[2] معی الدين اسعد شيروانی، چاوپێکەوتن ،2022/10/20).

پێشەکی

قەزای مەخموور ولادێکانی بەتایبەت گوندی دارە خورما و فراوان و پرلەدەرامەتی سروشتی و مرۆییە, نزمی ئاستی بەرهەم هێنانی لادێ و کەمی خزمەتگوزاری و نەبوونی ئاسایشەکی بەرقرار و بەتایبەت بوونی رێکخراوی تیرۆرستی داعش لەناوچەکە و نزیکی گوندی دارە خورما لە چیای قەرەچوغ بەشێوەیەك کە هاوسنوورە لەگەل چیای قەرەچوغ و دواکەوتوویی لەگەڵ کەمی دەستهاتی تاك لەدیارترین سیماکانی ئەم لادێیەن بۆ جێبەجێکردنی پەرەپێدانی لادێ لەم ناوچەیە بریتی یە لە ئەنجام دانی کرداری گۆرانکارییەکی بنچینەی لەپێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵگای و سیاسی بەرقرار بوونی ئاساییش لادێ پەرەپێدانی ناوچەکە .

ئامانجی لێکۆلینەوە: گرینگی دانە بە رێکخستنەوەی لادێی دارەخورما و ئەرکەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بۆ گەشەپێدان و ناساندنی ئەم لادییە .

میتۆدی لێکۆلینەوە :بۆ مە بە ستی سوود گە یاندن بە لێکۆلینەوە کە وا پێویستی کردووە پشت بە هەردوو رێگای کتێبخانە و سە ر دانی کردنی توێژەر بۆ ناوچەی لێکۆ لینە وە و دازگاکانی حکو مە ت سە ر باری بە کارهێنانی نە خشە کە تایبە ت مە ندی زانستی بە بابە تە کە دە بە خشێت.

گرفتی لێکۆلینە وە :لە ماوە ی ئە نجامدانی ئەم توێژینەوە یە چەندین کۆسپ هاتۆتە پێش ئەویش کە می سە رچاوەی تایبەت بە ناوچەی لێکۆلینەوە ،بە مە بە ستی پرکردنەوەی کە م و کورتیە کان هەول دراوە لە رێگای سە ر دانیکردنی توێژە ر بۆ نا وچە کە و دازگاکانی حکومی کە م و کورتی زانیاریە کان پر بکاتە وە .

هۆ کا رە کانی هە لبژاردنی ئە م لیکۆلینەوە یە :بۆ زیاتر زانینی گرفتە کانی لا دێی دارخورما و ناساندن و گرینگی ئەم لاددیە و زیاتر پە رە پێدانی ، نە هێشتنی کە م و کوریە کان.

پلانی لێکۆلینەوە :

بۆ زیاتر تاوتوێکردنی باسەکەمان سەبارەت بە پلانی لێکۆڵینەوەکە ئەوا دابەشمان کردووە بۆ پێشەکیەك و سێ بەش لەکۆتایی دا بە چەند راسپاردەیەك و دەرئەنجامەکەی کۆتایی مان پێهێناوە بەم شێوەیە:

تەوەرەی یەکەم: پێکهاتووە لە سێ باس شوێنی جوکرافی دارە خورما و دیمۆکرافیای دارە خورما و ناوی دارە خورما لە چیەوە هاتووە لەخۆ گرتووە

تەوەرەی دووەم: لایەنی سروشتی گوندی دارە خورما کە بۆ چوار باس دابەشکراوە هەریەکە لە باسی بەرزی و نزمی و ئاو و هەواو و خاك دەرامەتی ئاو لە گوندی دارەخورما لەخۆدەگریت

تەوەرەی سێیەم باس لە لایەنەکانی بنەما مرۆییەکان دەکەین کە لە باسی یەکەم باسی لایەنی ئابووری دارە خورما دەکەین و باسی دووەم لایەنی کۆمەلایەتی و شارستانی و لە باسی سییەم باس لە لایەنی سیاسی دەکەین لە کۆتایش بە دەرئەنجا م و سارچاوە و پاشکۆ کۆتایی بە تویژیۆنەوەکەمان دەهینین

تەوەری یەکەم : ناساندنی گوندی دارە خورما

باسی یەکەم / شوێنی جوگرافی دارە خورما:

لێکۆلینەوە لە ڕەهەندی جوگرافی هەر ناوچەیەك گرنگی خۆی هەیە چونکە دەروازەیەکە بۆ ناساندنی تایبەتمەندیە سەرەتاکانی ناوچەی لێکۆلینەوە . لەم ڕووەوە هەولدەدەین لە لایەنی ڕەهەندی جوگرافی **دارە خورما** بکۆلینەوە بەم شێوەیە:لەبەر ئەوەی دارە خورما سەر بە ناحیەی دیبەگەیە وە دیبەکە وەك ناحیە سەر بە قەزای مەخموورە بۆیە سەرەتا باس لە قەزای مەخموور دەکەین .

مەخمور لە ڕێکەوتی (15 / 3 / 1927) بوو بە یەکێك لە قەزا گرنگەکانی پارێزگای هەولێر .لە ڕووی شوێنی فەلەکییەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (26 – 35) (14 – 36) ی باکور . وەهەروەها هەردوو هێلی درێژی (17 – 43) (54 – 43)ـــ ڕۆژهەلات.[3]

لە ڕووی شوێنی جوگرافیەوە کەوتۆتە باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر , سەنتەری قەزاکەش نزیکەی (67 کم) لە شاری هەولێرەوە دوورە .بەهەمان شێوە گوندی دارە خورما کەوتۆتە بەشی باکوری ڕۆژهەلاتی سەنتەری قەزای مەخموور.

قەزای مەخمور لە باکورو باکوری ڕۆژهەلاتەوە هاو سنورە لەگەل قەزای خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێرەوە لە باکوری ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەل پارێزگای نەینەوا , لە ڕۆژهەلاتەوە هاو سنورە لەگەل زێی بچوك و ناحیەی قوشتەپە هەرچی تایبەتە بە سنوری باشوورو باشوری ڕۆژئاوای قەزای مەخمور هاوسنورە لەگەل پارێزگای نەینەوا نەخشەی (2) وە گوندی دارە خورما لەباکوور هاوسنورە لەگەل چیای (قەرەچوغ) لە باشوورەوەش هاوسنورە لەگەل گوندی (عاڵلا) یان (عبدالله گوجیلان)و لە ڕۆژهەلاتیشەوە هاوسنورە لەگەل گوندی (خۆشاو) لەرۆژئاواش هاوسنورە لەگەل گوندی (حەسەن بلباس).[4][5]

سەبارەت بە قەزای مەخموور ڕووبەرەکەی دابەش بووە بۆ سەر ئەم یەکە ئیداریانە ئەوانیش بریتین لە ((سەنتەر , گوێڕ , قەراج , کەندێناوە)) .[6]

[3] تەنکە عوسمان سعید،دور العوامل الجغرافیة فی توزیع الجغرافیة السکان فی قضاْ مخمور 2013،ص19)

[4] (بروانە نەخشەی (1) دەستەی ئاماری هەرێم ،بەشی جی ای ایس 2022.

[5] فاروق نامیق یونس چاوپێکەوت 2022/10/20).

[6] هیوا ئەمین جەلال شوانی , شیکردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر , نامەی ماستەر , 2007 , لا 18 .

قەزای مەخمور بە گوێرەی سالی (2019) لە (198) گوند پێك دەهات كە دارەخورما یەكێكە لەم 198 گوندەی قەزای مەخموور كە لەرووی بەریوەبردن سەر بە ناحیەی دیبەگەیە[7]

لە ڕووی ستراتیژیەوە بە شوێنێكی گرنگ دادەنرێ چونكە دەكەوێتە نێوان هەردوو زێی گەورەو زێی بچووك هەروەها بەڕێگای سەرەكی بازرگانی نێوان هەرسێ شاری (هەولێر , موسل , كەركوك) دادەنرێ , ئەمەش تایبەتمەندیەكی گرنگی بەقەزاكە بەخشیووە بەهەمان شێوە گوندی دارخورما گرینگیەكەی خۆی لەم رووە وە وەرگرتووە.

باسی دووەم / شوێنی دیمۆگرافی دارەخورما

لەم باسەدا هەول دەدەین شیكردنەوەی گونجاو بۆ هەموو ئەو گۆڕانكاریانە بكەین كە بەسەر قەبارەی دانیشتوان دادێت لە ناحیەی دیبەگە.
لە سەیركردنی خشتەی ژمارە (1) دا بۆمان دەردەكەوێت كەوا جیاوازی زۆر هەیە لە ژمارەی دانیشتوان لە نێوان سالانی (1957 – 2012) كە بەردەوام لە هەلبەزین و دابەزین دابووە ,ئەمەش بەهۆی كۆمەلێك هۆكاری سیاسی و كۆمەلایەتی و ئابووری بووە , سەرەڕای بوونی هەلەی زۆر لە داتاكات ئەمەش بە هۆی نە بوونی سەر ژمێریەكی ڕاست و دروست كە سەرتاپای عێراق بگرێتەوە

خشتەی -1)

ژمارەی دانیشتوانی یەكەكارگێڕیەكانی ناوچەی توێژینەوە(2021-1957)[8]

یەكە ئیداریەكان	1957	1977	1987	2006	2012	2021
ناحیەی كەندێناوە	37031	14081	1469	6773	14719	10720
گوندی دارە خورما	ژمارەی دانیشتوانی لە سالی 2022 دەگاتە 178كەس و لە 35 خێزان پێك دێت					

هەروەك لە خشتەكەدا دیارە كەوا ژمارەی دانیشتوان بە گوێرەی سەر ژمێری سالی (1957 (37031) و لە سالی (2012) دا ژمارەی دانیشتوان دەتوانین بلێین بە ڕێژەیە كی زۆر بە رزبۆتە وە كە

[7] بروانە نەخشەی (2)
[8] دەستەی ئامارو پلان دانان , هەولێر , 2022 . چاوپێكەوتن (محمد قادر وسو،2022/11/9).

ژمارەی دانیشتوان دەگاتە (14719)کەس بێگومان بۆ کۆمەلێك هۆکاری سروشتی و مرۆیی دەگەڕێتەوە هۆکارە سروشتیەکە بۆ پێزی لەدایك بوون دەگەڕێتەوە بە هۆی بارودۆخی ئاینی لە دایك بوون لەم ناوچەیە و تەواوی ناوچەکان هەرێمی کوردستان بەرزە ، هەروەها هۆکاری مرۆییش لە دوای سلی (2003) عە رە بە کان ژمارە یان کەمی کرد لە ناوجە کە هە لاتن ،بە لام بوونی خاکی بە پیت کە زۆر شیاو بۆ کشتووکال کردن بەتایبەتی کشتووکالی گەنم و جۆ کە ئەمە بێگومان کاریگەری ڕاستەو خۆی دەبێ لەسەر ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان هەروەها دەتوانین بلێین ئالو گۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێم و عێراق هەر لەم ناوچەیە بۆتە جێگای سەرنج و ڕاکێشانی دانیشتوانان بۆ ناو چەکە و سەرەڕای بوونی زۆری زەویەکی تەخت بۆ نیشتە جێ بوون لەگەل بوونی کرێی کەمی خانوو لەم ناوچەیە بە بەراورد لەگەل ناوچەکانی تر کە بۆتە شوێنی کۆبوونەوەی دانیشتوانان .بەلام لە پاش سالی (2014) هاتنی ریکخراوی تیرۆرستی (داعش) بووە هۆی کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لەم ناوچەیە بەجۆرێك لە سالی (2021) ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە گەیشتۆتە (10720). بەلام بەهەمان شێوە سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی گوندی دارە خورما لە ئیستادا کە نزیکی (153) کەسە[9] چونکە کاریگەری تیرۆرستی لەم ناوچەیە هەر بەردەوامەوە تاکو ئیستا چونکە دارەخورما هاوسنوورە لەگەل چیای قەرەچوغ ئەم چیایەش بووەتە پەناگەی سەرەکی رێکخراوی تیرۆرستی داعش.

باسی سێیەم/ ناوی دارە خورما و ڕەهەندە مێژوویەکەی :

دارە خورما یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی دیبەگە و قەزای مەخموور کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (300) سالٚ پیش ئیستا کە لەلایەن چوار بنەمالەی سەرەکی ئەم گوندە دامەزراوە کە هەریەکەیان (بنەمالەی گارووت) بنەمالەی (دەرمان) بنەمالەی (داود) و بنەمالەی (شێروانی) کە گەورەی بنەمالەکە ناوی (کاکە تایەر) بووە.[10]

سەبارەت بە ناوی گوندەکە تیروانینی جیا جیا هەیە گرینگترین بۆچون بۆ ناوی ئەم گوندە لەوەوە هاتووە کە سەرەتای دامەزراندنی ئەم گوندە لە شوێنێك بووە کە تەنها یەك داری خورما لەم ناوچەیە هەبووە کە بەناوبانگ بووە بۆیە ئەم گوندە ناوی هەر بەو دار خورمایە رۆیشتوە[11] .

بۆچونێکی تر هەیە سەبارەت بە ناوی گوندەکە کە دەلێن کەسێك هەبووە بەناوی (فەقێ وەسمان) پیشەی بازرگانی بووە بە خورما لەم گوندە نیشتەجێبووە کە خورمای هیناوە و دابەشی کردووە لە ناوچەکە و بۆیە ئەم گوندە بە دەوڵەمەند ناسراوە لە خورما بۆیەش ناوی نراوە گوندی دارخورما.[12]

---

[9] (موختاری گوند،جەردیس مەندۆ عمر چاوپێکەوتن /2022/11/9).

[10] معیدین اسعد شیروانی، چاوپێکەوتن ،2022/10/20).

[11]

[12] (کاکل بهرەم قادر،چاوپێکەوتن ،2022/10/20).

تەوەرەی دووەم:

لایەنی سروشتی گوندی دارە خورما

مەبەست لە هۆکارە سروشتیەکان کاریگەری (بەرزی ونزمی ڕووی زەوی و هۆکارەکانی ئاووهەواو دەرامەتەکانی ئاووسروشتی خاك) ە، کە کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵبژاردنی دابەش بوونی نشینگە دێهاتیەکان

(1) بەرزی و نزمی

بەرزی و نزمی یەکێکە لەڕواڵەتە سروشتیەکان کە کاریگەری لەسەر جیاوازی دابەش بوونی دانیشتوان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە هەیە ، ئەو جیاوازیەش لە ئەنجامی توانای زەوی بۆ وەرگرتنی دانیشتوانەوە دێت ، ڕۆڵی بەرزی و نزمی لە ناوچە جیاجیاکاندا زۆر ئاڵۆز دەبیٚ ، بەجۆرێك ناوچە بەرزەکان لەبەر بوونی خاکی بیٚ پیت دەبنە بەربەست لە بەردەم چالاکیەکانی مرۆڤ . واتە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان بەرزی چیاکان و چڕی دانیشتوان ، هەر بۆیەش ژمارەی دانیشتوان پیٚ بەپیٚ کەمدەبێتەوە چەند بەرزی چیاکان زیاتر بن ، لە ئاکامدا چیاکان لەبەر زۆری لێژاییان دەبنە ناوچەی دوورخستنەوەی دانیشتوان . [سێزدە] سەبارەت بە دارەخورما دارەخورما بەرزیەکەی کەمترە لە (300) م لەسەر ئاستی ڕووی دەریا ، هەروەها چەندین بەرزایی و چیای تێدایە ، گرنگترینیان زنجیرە چیای (قەرەچووغ) ە ،کە چەندین دەشتایی خواروخێچ و فراوانی تێدا یە ،. دەشتی دارەخورما شێوەیەکی پان لە خۆدەگرێت کەلای باکووری زنجیرە چیای قەرەچووغە کە بەرزاییەکەی (821) م هەروەها چەند لە چیای قەرەچووغ نزیك بینەوە ژمارەی گوندەکان کەمدەبێتەوە بەهۆی بوونی ریکخراوی تیرۆرستی داعش لەم ناوچەیە.[چواردە]

2_ **ئاووهەوا**: زۆربەی جوگرافی ناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئاووهەوا بە فاکتەری کاریگەر دادەنرێت بۆ سەر دابەش بوونی دانیشتوان ،ئەو کاریگەریەش لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤ ، هەروەها لە ئەنجامی کاریگەری لەسەر هەریەك لە خاك و ئاوڕووەکی سروشتی و کشتووکاڵ بەرجەستە دەبێت

أ- پلەی گەرمی :

لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مانگی کانونی دووەم ساردترین مانگە پلەی گەرمیەکەی (9,5) پلەی سەدیە ، وەماتگی تەمووز گەرمترین مانگە پلەی گەرمیەکەی (36,5) پلەی سەدیە ، تێکڕای گەرمای

---

[13] تەنکە عوسمان سەعید،دابەش بوونی دانیشتوان لە قەزای شەقڵاوە ، شیکردنەوەی جوگرافی ، سلێمانی ، 2012، لا142-141 .

[14]محمد عبدالله عمر ، التحلیل الجغرافي لاستیطان الریفی فی اقلیم کوردستان العراق ، دراسة تطبیقیة لمحافظة اربیل ، 2002، ص55 .

ساڵانە لە وێستگەکە (1ر23) پلەی سەدیە ئەم جۆرە ئاووهەوایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە یارمەتی دەرە بۆ بڵاوبوونەوەی گوندو هەڵبژاردنی شوێنی گوند کە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی دەشتاییە پێویستی بە تیشکی خۆر هەیە ، تەنانەت لە بینا کوونی خانوەکاندا ڕەنگی داوەتەوە ، بۆیە دیوارەکانیان ئەستور دروست کردووە تاوەکو لەسەرمای زستان بیان پارێزێت هەروەها خانووەکانیان ڕوو لەخۆرو پشتی لە بایە بۆ خۆپاراستن لە گەرمای هاوین (بەرهەیوانیان) دروست کردووە .[15]

خشتەی (3)

تیکرای پلەی گەرمی لە وێستگەی مخمور ناوەندی (2010–2021)[16]

وێستگە	ک2	شوبات	ئازار	نیسان	مایس	حوزەیران	تەموز	ئاب	ئەیلول	ت1	ت2	ک1	تێکرا
مەخموور	9ر5	11ر1	16ر3	21ر2	27ر7	32ر9	36ر5	35ر8	33ر1	25ر6	16ر4	11ر6	23ر1

ب- دابارین : جۆرەکانی دابارین ئەمیش دابارینی باران و بەفر وتەزرە لە هەورەوە کە هەوا ناتوانێت ڕایبگرێ یان هەڵیبگرێت پاش ئەوەی کە دروست دەبێت بچووکە پاشان کێشی زۆر دەبێت و پاش ئەوەی لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەبن بەهۆی کەمی بۆشایی نێوانیان لە ڕێگەی چڕ بوونەوەو بە شێوەیەکی بەردەوام بە هۆی بەرزبوونەوە یان سەرکەوتنی ئەم هەورەی کەماوە لە کاتی بە هەڵم بوون وە قەبارەی گەورە دەبێت و بەهۆی بەیەک گەیشتنیان لە کاتی بەریەک کەوتنی کوتلە هەواییەکان کە بارانی هەڵگرتووە [17]
بە شێوەیەکی گشتی گوندی دارە خورما دەکەوێتە ناو هەرێمی نا چونیەک لە دووری بڕی دابارین کە ناوچەیەکی نیمچە شاخاوی داگیرکردووە کە بارانی کەمە بە ڕێژەی (کەمتر لە 300 ملم) بڕی باران بارین جیاوازە لە بڕی دابارینەکەی لەسەر ناوچەکە لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر .

[15] محمد عبدالله عمر ، المصدر سابق ، ص6 .

[16] هەرێمی کوردستانی عێراق وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن ،بەڕێوەبەرایەتی کەش و هەوا،سالی 2021.

[17] د.عبدالعباس فضيغ العزيزی ، جغرافية المناخ والخطاء النباتی ، دار الصفاء والتوزيع –عمان ،الطبعة الاولی ، 2001 ، ص139

خشتەی (4)

بڕی باران بارین بە (ملم) لە وێستگەی قەزای مەخموور لە ماوەی ساڵەکانی (2010–2021)[18]

وێستگە	ک2	شوبات	ئازار	نیسان	مایس	حوزەیران	تەموز	ئاب	ئەیلول	ت1	ت2	ک1	سەرجەم
بڕی باران بە(ملم)	56ر2	53ر4	40ر7	31ر5	12ر6	0ر5	0ر5	0	2	10ر7	24ر3	11ر4	243ر9

وە لە خشتەی ژمارە (4) بۆمان دەردەکەوێت کە بڕی باران بارین جیاوازی هەیە لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر بە گوێرەی مانگەکان و وەرزەکان .تێکڕای کۆکراوەی ساڵانە دەگاتە (243ر9) دابەش دەبیٚ بەسەر مانگەکانی ساڵ هەموو مانگەکانی جگە لە (حوزەیران ، تەمووز، ئاب، ئەیلوول) ناتوانین ئەو مانگانە بە مانگی باران بارین دابنێین . ڕێژەی دابارین لەم مانگانە لە (0.5) تێپەڕ ناکات.

3/ خاك : خاکی باش و دەوڵەمەند ئەو خاکەیە کە بڕێکی پێویست لە توخمە خۆراکیە پێویستیەکانی تێدا بێت و بڕێك لە ئاوبگرێتە خۆی و خۆی لە ئاوە .زیادەکە ڕزگار بکات و توانای هەوا گۆڕینی ڕەگەزەکانی هەبێت و پیت و فەڕی بپارێزێت وە ئەوەندەش ئەستور بێت کە ڕەگەزەکانی پیا بچێتە خوارەوە و خۆی ڕابگرێت[19]

خاکی دەشتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری (خاکی نیمچە شاخاوی) یەکە زیاتر بە کەڵکی چاندنی بەرهەمە کێڵگەییەکان دێت بە تایبەتی چاندنی (گەنم و جۆ) ، ڕەنگی خاکەکەش قاوەیی گەنی ڕەنگە[20]

هەروەها خاکی ئەم ناوچەیە دووچاری ڕاماڵینی مام ناوەندی بووە ،چونکە ئەو شوێنە لێژایی کەمە واتە ئەو شوێنانەی کە لێژاییان کەمە ڕاماڵینی مام ناوەندی ماددەی ئۆرگانی تێدایە بە هۆی ڕووپۆشی ڕووەکەوە . هەندێك خەڵك ڕوویان لە گوندەکانی ناوچە دەشتاییەکان کردووە ، چونکە خاکی بەپیت و ئاوی پێویست و ئاووهەوای گونجاوی هەیە ، لەمەوە بۆمان دەردەکەویٚکە خاك هۆکارێکی ڕاستەوخۆی

---

[18] لەلایەن توێژەران ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی ، هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ، بەڕێوەبەرایەتی کەش و هەوا .

[19] عبد علی یاسین ، قضایا علمیه معاصره (الامن الغذائی) دار یافا علمیه للنشر والتوزیع ، عمان ، الاردن ، 2001، ص 35 .

[20] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ ، جیوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق ،خاکی هەرێمی کوردستان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، کۆلێژی ئاداب ، چاپی دووەم ، 1999 ل 96 .

دابەش بوونی نشینگە دێهاتیەکانە وە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون نیە ، بەڵکو پشت بەستنی (کشتووکاڵ) بە (خاك) وایکردووە . ببێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی گوندنشینەکان لە ناوچەکە .

4- داهاتی ئاو :

ب- ئاوی ژێر زەوی :

بوونی ئاوی ژێر زەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی نیشتەنی لافاوە کۆنەکان بە پلەی یەکەم دێت وە دۆڵی مەخموور بە شێوەیەکی گشتی ناوچەی ئاوی ژێر زەوی کەمە جگە لە خراپی جۆرەکەی بە تایبەتی بەکارهێنانی بۆ خواردنەوە ،بڕی ئاوی ژێر زەوی بەرەوزیادی دەڕوات هەرچەندە بەرەو ڕێرەوی ڕووباری زێ ی بچووك بڕۆین ، ئەمەشدەگەڕێتەوە بۆ بارینی باران لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر .[21] وە ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لێژدەبێتەوە لە باکوری ڕۆژهەڵات بەرەو ڕۆژئاوا وە بە چەند شێوەیەك سود لە ئاوی ژێر زەوی وەردەگیرێت ، وەکو ئەمانە :-

1- کانیاوەکان : سەبارەت بەناوەوەی گوندی دارەخورما دوو کانی لەخۆ دەگرێت کە کانی (پیاوان) و کانی ئافرەتان) بووە کە دانیشتوانی گوندەکە سودیان لێ وەرگرتووە بۆ کاری ناوماڵ و لەهەمان کات کاتێك ئاوەکەی زۆر بووە بۆ کشتوکالیش سودیان لێ وەرگرتووە.

2- بیرەکان :

ئەو ئاوەی کە لە ژێر زەوی دەمێنێتەوە لەوکاتەی کە بە شێوەی سروشتی نایەتە دەرەوە بەڵکو دەبێ دەربهێنرێت لەلایەن مرۆڤەوە . ئەم جۆرە ڕێگایەش بە یەکێ لە ڕێگا کۆنەکانی دەرهێنانی ئاوی ژێر زەوی دادەنرێ کە لە پێناوی دابین کردنی پێداویستیە هەمە جۆرەکانی دانیشتوان لێدەدرێ لە ڕێگای هۆیەکانی بەرزکردنەوەی ئاو یان هەڵکێشان لە ڕێگای پەستانی هایدرۆلیکی یان لە ڕێگەی هێزی گازەوە کە ئاوی ژێر زەوی بۆ دەرەوە پاڵ دەدات و ئاو لە بیرەکان هەڵدەکێشرێت .[22] لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کەوا (1) بیر لە دارەخورما هەیە ، ئەم بیرەش ناوی (بیرۆکەی ئاوخواردنەوەیە)

---

[21] هاشم یاسین محمد امین حداد ، سەرچاوەی پێشوو ل 130 .

[22] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 127 .

تەوەرەی سێیەم : بنەما مرۆییەکان :

باسی یەکەم:هۆکارە ئابوورییەکان :

بریتین لە ژمارەیەك چاڵاکی ئابووری کە پەرەسەندی بزاوتی هەریەك لەم چاڵاکیانە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر جیاوازی چڕی و دابەشبوونی دانیشتوان لە گوندەکە دا هەیە.

مەبەست لە هۆکارە ئابوورییەکان لە دارەخورما بریتین لە (کشتوکاڵ و پیشەسازی و ڕێگاوبانی گواستنەوە) کە هەریەك لەمانە کاریگەریان هەیە لەسەر دیاریکردنی ژمارەو قەبارەو تەرزی دابەشبوونی نشینگەکانی دێهات و ڕادەی چاڵاکیە ئابوورییەکانی گوند.

بەم شێوەیەی خوارەوە چاڵاکیە ئابوورییەکان دابەش دەکەین بۆ سیٚ جۆری سەرەکی :-

أ- کشتوکاڵ :-

کشتوکاڵ بە یەکێك لە چاڵاکیە ئابوورییە گرنگەکان دادەنرێت کە ڕۆڵ و کاریگەری دیاری لەسەر جیاوازی چڕی و دابەشبوونی دانیشتوان لە بەشێکە وە بۆ بەشێکی تر هەیە . هەر بۆیە کشتوکاڵ نەخشێکی گرینگی لە پەرەسەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵ دا دەگێرێت ، هاوکات سەرچاوەیەکی گرنگی پێکهاتنی زێدە ئابووری و دەستە بەرکردنی سەرمایەی پێویست و سەرمایە گوزاری ئابووری نەتەوەییە (شمێر)

1- بەروبوومە ڕووەکیەکان :-

بەرووبوومە ڕووەکیەکانیش بریتین لە بەرووبوومی هاوینە و بەرووبوومی زستانە .

بە شێوەیەکی گشتی بەروبوومە هاوینەکان بریتین لە ((خەیار ، تەماتە ، باینجان ، کودی ، بامیە ، لۆبیا ، فاسولیا ، شووتی ، گندۆرە ، گوڵەبەڕۆژە)) وە هەروەها بەرووبوومە زستانەکانیش بریتین لە ((گەنم ، جۆ ، سلق ، شێلغەم، توور ، چەوەندەر ، پەتاتە)) . (شمێر)

ئەم بەروو بوومانە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەچێنرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :-

، ڕووبەری گشتی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیەیە :-

لە ناحیەی دیبەگە (288345) دۆنمە ، ڕووبەری کشتوکاڵی کەرتی گشتی (دەوڵەت) بە شێوەی دێمی و بەراو ، بە شێوەی دێمی لە دیبەگە (93875) ، لە

---

[23] سەڵاحەددین حەفید ، ئابووری کوردستان (1977- 1990) ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی ، 2000 ، ل 120 .

[24] شیلان رشید عبدالرحمن ولا جان خەسرۆ عوسمان ، لێکۆلینەوەی هەرێمی گوێر، لێکۆلینەوەی زانستی ، زانکۆی صلاح الدین ، کۆلێژی ئەدەبیات ، بەشی جوگرافیا هەولێر ، 2010 ، ل 28 .

ڕووبەری زەوی بەراو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە دیبەگە (984) دۆنمە ، هەروەها ڕووبەری کشتوکاڵی کەرتی تایبەت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئەویشبە شێوەی دێمی و بەراو هەیە . سەبارەت بە زەوی دێمی لە لە دیبەگە (105814) دۆنمە هەروەها ڕووبەری بەراویش ، لە دیبەگە (1678) دۆنمە ،

ڕووبەری گشتی لە دێمی و بەراو بەم شێوەییە ، لە دیبەگە (199689) دۆنمە ، بەڵام سەبارەت بە ڕووبەری زەوی بەراو ، لە دیبەگە (2662) دۆنم ، هەروەها ئەو ڕووبەرەی کە بۆ لەوەرگایە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەییە ، لە دیبەگە (55811) دۆنم ، هەروەها ئەم ڕووبەرەی کە بۆ باخچە بەکاردێت لە لە دیبەگە (104) دۆنمە ،.بە گوێرەی خشتەی ژمارە (5).

خشتەی (5)

ڕووبەری کشتوکاڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوەبە(دۆنم)[لهیر]

ناحیە	ڕووبەریگشتی/ دۆنم	ڕوبەری شیاوبۆ چاندن بە دۆنم	ڕوبەری کشتوکاڵی کەرتی گشتی(دەوڵەت) دێمی – بە ڕاو	ڕوبەری کشتوکاڵی کەرتی تایبەت دێمی– بەڕاو	ڕوبەری گشتی دێمی – بەراو	ڕوبەری بەردەستی شارەوانی	ڕوبەری لەوەڕگا	دارستان سروشتی و دەستکرد	باخچەی بەڕاو
دیبەگە	288345	202455	984/93875	1678/105814	2662/199689		55811		104

2- سامانی ئاژەڵ :

سامانی ئاژەڵ لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە بەشی دووەمی چالاکی کشتوکاڵ دادەنرێت ، ئەو ئاژەڵانەی لە ناوچەی دیبەگە و گوندی دارە خورما بە خێو دەکرێن بریتین لە ((مەڕو بزن و مانگا و پەلەوەر)) ، بەخێوکردنی ئەو ئاژەڵانەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر باری ئابووری دانیشتوانی ناوچەکە ، بەرهەمەکانیان زیاتر (هێلکەو ماست و ڕۆنی خۆماڵی و گۆشت و خوری) یە ، ژمارەی ئاژەڵەکانیش دەگۆڕێت لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر .

بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی ئاژەڵەکان لە گەندی دارە خورما بە پشت بەستن بەو داتایەی کەوا لە لەسەردانی مەیدانی بەدەستمان کەوتووە لەساڵی (2022) ، دەرکەوتووە کە ژمارەی ئاژەڵەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە (136) سە ئاژەڵ .

ژمارەی (مەڕ) لە قەزای مخموور (173) سەرمەڕ ، ژمارەی بزن (50) سەر بزنە ، ژمارەی (چێڵ) (13) چێڵە .

[25] حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوە کانی ئاو،بە ڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر2022زانیاری بڵاونەکراوە.

ج- ڕێگای گواستنەوە :

قەزای مخموور ژمارەیەك لە تۆڕی ڕێگاوبانی سەرەکی و لاوەکی لە خۆ دەگرێت ڕێگا سەرەکیەکانی ئەمانەن :-

1- ڕێگای (مخموور – گوێڕ- هەولێر) قیرتاوکراوە ، درێژییەکەی (53) کم . لە ساڵی 1952ز دروست کراوە ، کە سەرەتا ڕێگایەکی خۆڵ بووە .

2- ڕێگای (گوێڕ- دیبەگە – دوبز) قیرتاو کراوە،درێژییەکەی (32) کم.لە ساڵی 1997ز دروست کراوە

3- ڕێگای (مخموور – دیبەگە – هەولێر) قیرتاوکراوە ، درێژییەکەی (72) کم ،لە ساڵی 1954ز دروست کراوە . [26]

باسی دووەم :هۆکاری کۆمەڵایەتی:

ڕۆڵ و کاریگەری ئەم فاکتەرە لەسەر شێوازی دابەش بون و چڕی دانیشتوان بە شێوەیەکی دیار ڕەنگ دانەوەی دەبێ لە میانەی ئەو پەیوەندییە بە تینەی کە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەیە ، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە دەرەوەی شارەکان و تەنانەت لە نێو گوندەکاندا هێشتا هەر بە شێوەی هۆزایەتی (عەشایەر) بێگومان هۆزایەتیش یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی بنیات نانی کۆمەڵگای کوردەواری [27] . عەشیرەت و هۆزەکان کۆمەڵێك شێخ لە ناوچەکەدا دەردەکەون وەك کۆمەڵەی (شێخ نایف و شێخ مپیف) لە هۆزی شەمەر هەروەها هۆزی جبور لە ناوچەی (قەراج و شەمامك) نیشتەجێ کراون ،

هەروەها ئەگەر سەیر بکەین دەبینین شێخ و هۆزە عەرەبەکان زیاتر لەو ناوچانە بە دیار دەکەون کە لە نزیك پارێزگای نەینەوایە وەك هۆزی جبور لەهیب هەروەها لە نزیك پارێزگای هەولێریش بە تایبەتی گوندەکانی (قەراج – گوێڕ – کەندیناوە) ڕێژەی کورد تیادا بەرزە زیاتر کەوتۆتە ژێر داب و نەریت و هەڵسوکەوتی کورد پارێزگای هەولێر جیاوازە لە ڕووی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گوندەکانی تر کە سەر بە ناحیەکانی ترن وەك دەردەکەوێت لە ساڵی 1947 قەزای مەخمور80٪ بە گوندەکانیەوە کورد بونە ئەم ڕێژەیەش لە دوو ناحیە کەندیناوە و سەنتەری قەزا 95٪ بووە بەڵام لە ئاماری ساڵی 1957 64٪ کورد بووە 85٪ی ئەو ڕێژەیەش لە کەندیناوەو قەراج کورد بوون هۆزە عەرەبەکان(25٪) کە دابەش بونە سەر گوندەکانی قەزای مەخمور بریتین لە (شلیلە – جبور لهیب ، گی – سیاو ، شەمەر) بۆیە یەکێکیش لە هۆکارەکانی گردبوونەوەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە هەندێ لە بەشەکانی دا پەیوەندی بە فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکان هەیە ، چونکە زۆرجار ئەندامانی هۆزێك ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لەیەك شوێن

---

[26] هاشم یاسین حمدامین حداد ، اطلس الموارد الطبیعیة لمحافظة اربیل ، رسالة ماجستر كلیة الاداب ، جامعة صلاح الدین ،2000،ص74.

[27] حەمە کەریم عارف کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا،بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی 2010 ، ل188-195.

نیشتەجێ بن ئەو پەیوەندیانەش کە کۆیان دەکاتەوە پەیوەندی زەوییە زیاتر لە پەیوەندیەکانی تر[28]
لەرووی کۆمەلایەتیەوە گوندی دارە خورما پەیوەندی بەتین لە نیوان خیزانەکانی گوندەکە دا هەبوو تا پیش راپەرینە مەزنەکەی کوردستان تەوەوی دانیشتوانی گوندە پێك هاتبوون لە کورد کە ژن و ژنخوازی لەنیوانیان زۆر هەبووە هەروا لەرووی کاری هەرەوەزی بەردەوان کاریان کردووە بەشیوەی هەرەوزی دابوونەریتیان تایبەت بەخۆیان هەبووە لەهەموو رویەکەوە تایبەت بە ئاهەنگ و بۆنەکان کە بۆماوەی حەوت رۆژ پیش ئاهەنگی بوك گواستەنەوە شایی و هەلبەرکی دەکرا .
بۆ لایەتی تازیەباریش بەهەمان شیوە بۆ ماوەی حەوت رۆژ بوە جگە لە رەشپۆشکردنی جلی دانیشتوانی گوندە کە بۆ ماوەی حەوت رۆژ .
سەبارەت بە یاریکردن و بەسەر بردنی کاتی خۆش چەندین یاری تایبەت بە رەگەزی نێر و مێ هەبووە وەك (کلاو کلاوانێ و دامە و سیرسکانی و جاوشلکانی و ماتماتانی و بەردبەردانی و هەلوکانی و قاقانی مۆریانی)
بۆ کاری هەرەوزی پیاوان لەکاتی دوورنە بەتەواوی گوندەکە یارمەتی یەکتریان دەدا تا تەواوی دەغل و دانی لادێکەیان دەکرد.
ئافرەتانیش بەهەمان شیوە لەگەل پیاوەکان بەهەرەوزی کاریان دەکرد و یاریدەدەریان بوون بۆ کاری ناومالیش دراوسیکان بۆ نانکردن و جیشت ئامادەکردن یارمەتی یەکتریان دەدا و چیشتیان دەگۆریەوە لە نیوان خیزانەکان .
لەرووی مافی ئافرەتەوە ماڤ تەواویان بۆ دابین دەکردن و لە کارو چالاکیەکان شان بەشانی پیاوان لە کارەکان بەشداریان دەکرد و تەنانەت لەکاتی پیویست چەکیشیان لەشان کردووە وە ئافرەت لەچەندین بوار چالاکی هەبووە و کەسی بەتوانایان لێ سەرهەلداوە وەك مامانی کە هەر یەك لە (دایەخەزار و ئامینە خاتوون و عیشی وەسمان)مامان بوون لە گوندەکەمان کە هاوکار بوون بۆ دراوسیی گوندەکەمان .
لەرووی کۆمەلایەتیەوە چەندین کەسی بەتوانا و ناودار لەنیوانی تاکەکانی دانیشتوانی دارەخورما سەری هەلداوە لەلایەنی تەندروستی (وەك دکتور محمد علی محمد و دکتۆر فاتیمە عوسمان)[29]

باسی سێیەم: هۆکاری سیاسی:

به یەکێك لە هۆکارە مرۆییەکان دادەنرێت کەوا کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دانیشتوان ئەمەش کاریگەری دەبێ لەسەر بەرەو پێش چوونی و پەرەپێدانی ناوچەکە یاخود دواکەوتن و نەمانی دواکەوتن لە ناوچەکە، دەتوانین بڵێین کەوا هۆکارە ڕامیارییەکان کاریگەری کردە پەرە پێدانی گوندوو پارێزگاکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە ماوەی چارەگی کۆتایی سەدەی ڕابردوو ئەمەش پەیوەندی بە بواری ڕامیاری هەرێمی کورستانەوە هەیە کە لێرە دا خاوەن گیانێکی ڕامیاری نەبووە چ تایبەت بە

[28] خليل اسماعيل محمد ،مؤشران سياسية التعريب فى قضاء مخمور،ص،3
[29] چاوپێکەوتن محمد علی ریەیزان، 2022 گوندی دارەخورما

ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان یان کوردستانی عێراق وە ئەم بارەش وای کرد بکەونە ژێر سیاسەتەکانی حکومەتیبەغدا یەك لە دوای یەك نەیان توانی بەژداری بکەن لە دانانی ڕامیارییەکی دیاریکراو بۆ دانیشتوانی گوند نشین وەیان پەرەپێدانی گوندنشینی کوردستان بە گشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی ئەم سیاسەتەش ڕوون و بەرچاو هەبوو لە ساڵی 1968 کە تیادا ئامانجی ئەوە بوو کە کوردستان چۆل بکات لە دانیشتوانەکەی بە هەموو شێوەیەك و سوتاندنی زۆربەی گوندەکان و سنوری ستراتیجیەکان [illegible] لە ساڵی 1947 دا لە 80٪ شارۆچکەی مخمور کورد بووە ئەم ڕێژەیەش لە هەردوو ناحیەی کەندێناوە و ناوەندە لە 95٪ بووە . بەڵام ئاماری ساڵی 1975 ئەوە نیشان دەدات کە کورد لە 64٪ ی شارۆچکەی مخمور پێك دەهێنن ئەم ڕێژەیەش لە کەندێناوە و قەراج دەگاتە 85٪ ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ڕێژەی کورد بەرەو کەم بوونەوە هەنگاوی ناوە سەیری خشتەی ژمارە(7) بەهەمان شێوە گوندی دارە خورمان هەمان یاسەت لەسەری پەیرەو کراوەوە و خەلکەکەی ئاوەرە بووە و تا پیش رووخانی رژێمی عیراق بەتەواوی خەلکی گەندەکە ئاوارە ببون مێژووی نوێ ئەوە دەردەخات کە (ابراهیم ئاغای دزەیی) لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرێ کە عەرەب لەم ناوچەیە دا نیشتەجێ بن و داگیری بکەن چونکە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی کشتووکاڵی دەوڵەمەندە (37) ڕاگواستن وەك بەشێك لە هۆکارە ڕامیارییەکان ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر ژمارەو قەبارەو دابەش بوونی دانیشتوانی جوگرافی گوندەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە تایبەتی لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ساڵی 1976 ڕژێمی بەعس درێژەی بە سیاسەتە گلاوەکەی داو قۆناغی لە قاڵبدانی کوردو تەسك کردنەوەی کوردستان بەرنامەی ئەم قۆناغە لەوساڵە ەوە دەستی پێ کرد[illegible]

---

30 خلیل اسماعیل محمد ، مؤشران سیاسة اتعریب والهجیر فی اقلیم کردستان ، مطبعة جامعة صلاح الدین ، اربیل ، 2001 ، ص25 .

31 ئازاد مستەفا ، کورد لارو دوژمنەکانی ، گۆڤاری پەیڤی نوێ ، ژمارە (2) خولی دووەم ، لەندەن ، 1992 ، ل 92 .

خشتەی (7)

دانیشتوانی کورد لە قەزای مخمور بە پێی یەکە ئیداریەکانلە ماوەی نێوان سالانی(1947–1957)[32]

1957	1947	یەکەی کارگێری
75	95	سەنتەری قەزا
25	50	ناحیەی گوێڕ
85	95	ناحیەی کەندێناوە
85	–	ناحیەی قەراج
64.1	80.3	مخمور

ڕژێمی عێراق پێنج سالّی دانابوو بۆ تەواوکردنی ئەم بەرنامەیە واتە لە سالّی 1976 – 1981 بەرنامەکەشی بریتی بوو لە تێکدان و ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لە سەرەتادا بە ناوچە نەوتیەکان دەستی پیّ کرد ناوچەی لێکۆڵینەوەش یەکێك بوو لەو ناوچە نەوتیانەی کە بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوتووە ڕژێمی بەعس پاش ئەوەی کوردی گوندەکانی ڕاگواستن ، پاشان بە بیانووی پاراستنی بیرە نەوتیەکان گوندەکانی عەرەبنشین دەکرد هەر لەو ساڵە دا بی پێی فەرمانی کۆماری ژمارە (41) لە 29–11– 1976 گوندی سەر گەڕان لە دیبەگە دابڕاو خرایە سەر قەزای دوبز کرا بە ناحیەی قودس و پاشتر سەر بە شاخ و 29 گوندی تر خرانە سەر ناحیەی گەڕان[33] بە تەنها لە سنوری قەزای مەخمور لە سالّی 1985– 1987 ڕژێمی عێراق 141 گوندی خاپور کردوو پاشان عەرەب نشینی کردن[34] لە شەوی 21–8–1988 شارۆچکەی دیبەگە سەر بە قەزای مەخموری پارێزگای هەولێر بە تەواوی ڕاگواست و کەسی تێدا نەهێشت ، دواتر وردە وردە عەرەبی تێدا نیشتەجیّ کردن

[32] .خلیل اسماعیل محمد ، مؤشرات سیاسه اتعریب فی قچاو مخمور.

[33] هەمان سەرچاوە ل 98 .

[34] غەفور مەخموری ، بە عەرەبکردنی کوردستان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دارا ، هەولێر ، 2002، ل 43

خشتەی (8)

دانیشتوانی گوندە ڕاگوێزراوەکان لە قەزای مەخمور لە ساڵی 1980 – 1988[35]

یەکەی کارگێڕی	ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان	خێزانە ڕاگوێزراوەکان	ساڵی وێرانکردن	شوێنی ڕاگوێزراو
کەندێناوە	49	2432	1985–1988	کونەگورگ– بنەسڵاوە
گوێڕ	40	2637	1980–1988	گوێڕ–هەولێر
مەڵبەندی مخمور	52	906	1983–1988	هەولێر–مخمور مخیم باکیرت
کۆی گشتی	141	5975		

لە خشتەی(8) بۆمان دەردەکەوێت کە کۆی گشتی ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان لە ناحیەی (کەندێناوە ، گوێڕو مەڵبەندی مەخمور) گەیشتە 141 گوند وە ژمارەی خێزانە ڕاگوێزراوەکان لە نێوان ساڵانی 1980– 1988 گەیشتە 5975 خێزان ،کەبۆ کونەگورگ و گوێر و مخیم باکیرت راگوێزران.

[35] محمد عبدالله عمر ،التحلیل الجغرافی للاستیگان الریفی فی اقلیم کردستان العراق دراسه تطبیقیه لمحافڤه اربیل ، اگروحه دکتورا ، جامعه صلاح الدین ، اربیل 2002 ص 90 .

دەرئە نجام

1-ناوی دارە خورما و رەهەندە مێژوویەکەی دارە خورما یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی دیبەگە و قەزای مەخموور کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (300) ساڵ پێش ئیستا کە لەلایەن چوار بنەماڵەی سەرەکی ئەم گوندە دامەزراوە کە هەریەکەیان (بنەماڵەی گاروت) بنەماڵەی (دەرمان) بنەماڵەی (داود) و بنەماڵەی (شێروانی) کە گەورەی بنەماڵەکە ناوی (کاکە تایەر) بووە

2- گوندی دارە خورما لەباکوور هاوسنورە لەگەل چیای (قەرەچوغ) لە باشوورەوەش هاوسنورە لەگەل گوندی (عاڵلا) یان (عبداللە گوجیلان)و لە رۆژهەلاتیشەوە هاوسنورە لەگەل گوندی (خۆشاو) لەرۆژئاواش هاوسنورە لەگەل گوندی (حەسەن بلباس).

3- سەبارەت بە دارەخورما بەرزیەکەی کەمترە لە (300) م لەسەر ئاستی رووی دەریا ، هەروەها چەندین بەرزایی و چیای تێدایە ، گرنگترینیان زنجیرە چیای (قەرەچووغ) ە ،کە چەندین دەشتایی خواروخێچ و فراوانی تێدا یە ،. دەشتی دارەخورما شێوەیەکی پان لە خۆدەگرێت کەلای باکووری زنجیرە چیای قەرەچووغە کە بەرزاییەکەی (821) م هەروەها چەند لە چیای قەرەچووغ نزیك بینەوە ژمارەی گوندەکان کەمدەبێتەوە بەهۆی بوونی ریکخراوی تیرۆرستی داعش لەم ناوچەیە.

4- بە شێوەیەکی گشتی گوندی دارە خورما دەکەوێتە ناو هەرێمی نا چونیەك لە دووری بڕی دابارین کە ناوچەیەکی نیمچە شاخاوی داگیرکردووە کە بارانی کەمە بە ڕێژەی (کەمتر لە 300 ملم) بڕی باران بارین جیاوازە لە بڕی دابارینەکەی لەسەر ناوچەکە لە ساڵێك بۆ ساڵێکی تر
5- خاکی دەشتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە جۆری (خاکی نیمچە شاخاوی) یەکە زیاتر بە کەڵکی چاندنی بەرهەمە کێڵگەییەکان دێت بە تایبەتی چاندنی (گەنم و جۆ) ، ڕەنگی خاکەکەش قاوەیی گەنی ڕەنگە

هەروەها خاکی ئەم ناوچەیە دووچاری ڕاماڵینی مام ناوەندی بووە ،چونکە ئەو شوێنە لێژایی کەمە واتە ئەو شوێنانەی کە لێژاییان کەمە ڕاماڵینی مام ناوەندی ماددەی ئۆرگانی تێدایە بە هۆی ڕووپۆشی ڕووەکەوە

سەرچاوە

1- پەرتووك

1- كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ ، جیوگرافیای هەرێمی كوردستانی عێراق ،خاكی هەرێمی كوردستان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی ، زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، كۆلێژی ئاداب ، چاپی دووەم ، 1999

2-تەنكە عوسمان سعید ، دور العوامل الجغرافیه في التوزیع الجغرافی للسكان.

3- الكورد فی دائرة المعارف الاسلامیة، ترجمة:حمید ریبوار منشورات رابطة كاوا شقافه الكوریة ، مطبعة اوفیس،هتولیَر ، 1999. (25) غەفور مەخموری ، بە عەرەبكردنی كوردستان ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی دارا ، هەولێر ، 2002.

4- علی حسن شلش واخرون ، مناخ العراق ، مطبعة جامعة البصرة ، 1988 .

5- رشاد محمد بالطة – صیانه التربة والمیاه في العراق ، بغداد ، 1957 .

2-نامەی ماستەر

1-تەنكة عوسمان سعید،دور العوامل الجغرافیة فی توزیع الجغرافیة السكان فی قضاْ مخمور.

2-هیوا ئەمین جەلال شوانی , شیكردنەوەی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر , نامەی ماستەر , 2007 .

3- تەنكە عوسمان سەعید،دابەش بوونی دانیشتوان لە قەزای شەقڵاوە ، شیكردنەوەی جوگرافی ، سلێمانی ، 2012.

4-محمد عبدالله عمر ، التحلیل الجغرافي لاستیطان الریفی فی اقلیم كوردستان العراق ، دراسة تطبیقیة لمحافظة اربیل ، 2002.

5- هاشم یاسین حمدامین حداد ، اطلس الموارد الطبیعیة لمحافظة اربیل ، رسالة ماجستر كلیة الاداب ، جامعة صلاح الدین،2000.

6- سلیَمان عبدالله اسماعیل ، التحلیل الجغرافي لخصائص الامطار فی اقلیم كردستان العراق ، رسالة ماجستیر منشورة ، مقدمة الی مجلس كلیة الاداب بجامعة صلاح الدین ، 1994 .

7- تەنکە عوسمان سەعید ، دابەش بوونی دانیشتوان لە قەزای شەقڵاوە ،شی کردنەوەی جوگرافی

8- تةنكة عوسمان سعيد ، دور العوامل الجغرافية في التوزيع الجغرافى للسكان في قضاء مخمور ، 2013.

9- تەنکە عوسمان سەعید ، دابەش بوونی دانیشتوان لە قەزای شەقڵاوە ، شیکردنەوەی جوگرافی .

10. فتحى محمد ابو عيانة ، جغرافية السكان ، الطبعة الخامسة ، دار النهضة العربية ، بيروت ، 2000.

11-نادية طلعت سعيد ، ظرف السيارات في محافظ اربيل ،دراسة في جغرافية نقل ، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية اداب ، اربيل .

12-.خليل اسماعيل محمد ،مؤشران سياسية التعريب فى قضاء مخمور.

گۆڤار

1- ئازاد مستەفا ، کورد لارو دوژمنەکانی ، گۆڤاری پەیڤی نوێ ، ژمارە (2) خولی دووەم ، لەندەن ، 1992 .

چاوپێکەوتن

1- دەستەی ئامارو پلان دانان , هەولێر , 2022 . چاوپێکەوتن (محمد قادر وسو،2022/11/9).

2- (معيدين اسعد شيروانى،چاوپێکەوتن،2022/10/20).

3-(موختارى گوند،جەرديس مەندۆ عمر /2022/11/9).

4- چاوپێکەوتن (محمد قادر وسو،2022/11/9).

5- كاكل بهرەم قادر،چاوپێکەوتن ،2022/10/20.

داتای حکومی

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان , وەزارەتی پلان دانان , دەستە ئاماری هەرێم،2022.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلان دانانی دەستەی ئاماری هەرێم بەشی دانیشتوان،2022

3- حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوە کانی ئاو،بە رێوبەرایەتی گشتی

4- لەلایەن توێژەران ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی ، هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ، بەڕێوەبەرایەتی کەش و هەوا .

نەخشەی (1-)

شوێنی قەزای مخمور بەگوێرەی پارێزگای هەولێر



سەرچاوە/ م.مزەفەر ئەحمەد رەسول،بەشی جوگرافیا، پشت بەست بە ،حکومەتی هەرێمی کورردستان ،بەرێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی ،هۆبەی Gis،هەولێر -2022.

نەخشەی(2)

یەکەکارگێڕیەکانی قەزای مخمور

سەرچاوە/ م.مزەفەر ئەحمەد رەسول،بەشی جوگرافیا، پشت بەست بە ،حکومەتی هەرێمی کوردستان ،بەرێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی ،هۆبەی Gis، هەولێر -2022.